# نامیلکەی

## تایبەت بە ئەرکەکان و مافەکانی پەنابەران

تکایە ئەم خاڵە گرنگانەی خوارەوە لە بەرچاو بگرە:

## 1. لە ماوەی پرۆسەی پەنابەریت دا هاوکاری بکە!

هەمیشە وەڵامی ڕاست و دروست بدەوە!

**تۆ بەرپرسیاریت**، هەروەها لە بەرژەوەندیی تۆ دا یە، **کە کەیسەکەت بەتەواوی و ڕاستیژانە پێشکەش بکەیت.** وتەی درۆ زیان بە جێباوەڕبوونی تۆ دەگەیەنێت! گوێ مەدە بە ئامۆژگاریەکانی قاچاخچیان وە/یا ڕێکخراوەکانی قاچاخکردنی مرۆڤ لەبارەی ئەوەی کە لە پرۆسەی پەنابەری دا دەبێت چی بڵێیت. ئەگەر وتەکانت ڕاست نەبن ئەم ئامۆژگاریەی قاچاخچیان ڕەنگە بە زیانت بێت.

- بێ هیچ دواخستن و درەنگکردنێک بەڵگەکانی داواکاریت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی (لێرە بەدواوە پێی دەڵێین داوای پەنابەری) پێشکەش بکە و بیسەلمێنە. هەموو زانیاریەکی پێویست ڕاستیژانە پێشکەش بکە بۆ ئەوەی کاتێک پرسیارت لێ دەکرێت بتوانیت داواکاریەکەت بسەلمێنیت.
- بە زووترین کات تەواوی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستت دا یە پێشکەس بکە.
- ئەگەر پێشتر لە وڵاتێکی ئەورووپی بوویتە پێمان بڵێ.
- هیچ زانیاریەکی درۆ مەدە بە بەرپرسان. ڕاستیژانە ناوت، هەموو ناوەکانی پێشووت، ڕۆژی لەدایکبوونت، ئەو وڵاتانەی کە پێشتر لێیان ژیاویت، ئەو داوای پەنابەریانە کە پێشتر پێشکەشت کردووە و هەروەها هەموو زانیاریەکان لەبارەی خێزانەکەت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت بڵێ.
- لەبارەی نەتەوە وە/یا وڵاتی ئەسڵیت، یان لەبارەی ئەسڵبوونی بەڵگەکانت (وەک بەڵگەی سەفەرم بلیتی شەمەندەفەر) هەوڵ مەدە بەرپرسان بخەڵەتێنیت. ئەمە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر داوای پەنابەریی تۆ هەبێت و ڕەنگە دەستبەجێ داواکەت ڕەت بکرێتەوە.
- ڕاستیژانە بڵێ لەبەر چی داوای پەنابەری دەکەیت و وەڵامی پرسیاری بەرپرسان لەبارەی ڕووداوەکان بدەوە.
- ئەگەر نامەی بانگهێشت بۆ دیمانە (پرسیارلێکردن) بە دەستت گەیشت، لە کاتی دیاریکراو لە شوێنی دیاریکراو ئامادە ببە. ئەگەر نامەی بانگهێشت بۆ پشکنین (وەک پشکنین لەلایەن پزیشک یان پسپۆڕێک) بۆ تۆ هات، لە کاتی دیاریکراو لە شوێنی دیاریکراو ئامادە ببە. لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەبارەی کەیسەکەت هاوکاری بکە. تکایە لەم چاوپێکەوتنانە دا بە هاوکاریکردن یارمەتیمان بدە.
- ئەگەر نەخۆشیت و ناتوانیت لە چاوپێکەوتن و دیمانە دا ئامادە ببیت، تکایە دەستبەجێ بەرپرسان ئاگادار بکەوە و بەڵگەی پزیشک پێشکەس بکە.
- ئەگەر هۆکارێکی تر هەیە بۆ ئەوەی نەتوانیت لە وادەی دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتن ئامادە ببیت، تکایە بە بەرپرسان بڵێ.
- ئەگەر بێپاساو وەڵامی بانگهێشتەکان نەدەیتەوە، بەرپرسان دەبێ وای دابنێن کە تۆ لە پرۆسەی کاروباری پەنابەری هەڵدێیت. لەم حاڵەتە دا، ڕەنگە کۆتایی بە پرۆسەی پەنابەریت بهێنرێت، یان بڕیارێکی نەرێنی لەبارەی کەیسەکەت بدرێت، یان فەرمانی دەستگیرکردنت دەربکرێت.
- لە ماوەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس بۆ دیاریکردنی ناسنامە (بۆ نموونە لە کاتی پەنجەمۆرگرتن، وێنەگرتن، و هتد) هاوکاری بکە.
- پێویستە هەرجۆرە گۆڕانێک لە ناونیشانی پۆستیت واتە ئەو ناونیشانە کە نامەت بۆ دەنێرین، دەستبەجێ ڕاپۆرت بدەیت بە بەرپرسان. تەنانەت ئەگەر لە دەروەری وڵاتیش بیت دەبێ ناونیشانت ڕاپۆرت بدەیت. ئەگەر لە ئاوستریایت هەر ئەوەندە پێویستە کە لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لای دەسەڵاتی شیاوی تۆمارکردنی نیشتەجێبوون ناوت تۆمار بکەیت. هەروەها دەتوانێت کەسێک کە ڕێگەی پێ دەدەیت نامەکانت وەربگرێت بە ئێمە بناسێنیت (وەکوو ئاشنایەکی نیشتەجێبوو لە ئاوستریا، ڕێکخراوێکی خێرخوازی، و هتد).
- زۆر گرنگە کە بەرپرسان بزانن کە نامەکانی تۆ بۆ کام ناونیشان بنێرن. ئەگەر تۆ ئێمە ئاگادار نەکەیتەوە لە گۆڕانی ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونت، ئەمە ڕەنگە ئەم پاشهات و دەرەنجامە خراپانەی خوارەوەی بۆ تۆ هەبێت:
  - ئەگەر نەتوانین نامەکانی بانگهێشتکردن بەگەیەنین بە دەستی تۆ، ڕەنگە پرۆسەی پەنابەریت کۆتایی پێ بهێنین یان بڕیارێکی نەرێنی نەبارەیەوە بدەین. ڕەنگە مافی پاراستن لە دیپۆرتکردن لە دەست بدەیت!
  - ئەگەر بەرپرسان نەتوانن نامەی بڕیاری خۆیان لەبارەی کەیسەکەت بگەیەنن بە دەستت، ڕەنگە دەرفەتە گرنگەکانی

وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی یاسایی لە دەست بدەیت (بۆ نموونە دەرفەتی داوای پێداچوونەوە کردن).

❖ بڕیاری بەرپرسان ڕەنگە ببێتە بڕیاری کۆتایی و یەکلایی و لە ئاکام دا ڕەنگە پاراستنی تۆ لە ناردنەوەی بە زۆر کۆتایی بێت.

- ئەگەر تۆ ئیدعا بکەیت منداڵیت و ئەمە جێگەی گومان بێت، دەبێ بەڵگە و کاخەزی جێباوەڕ کە منداڵبوونی تۆ بسەلمێنێت پێشکەش بکەیت. ئەگەر نەتوانت بەڵگە پێشکەش بکەیت، ڕەنگە بەرپرسان داوای پشکنینی پزیشکی بکەن بۆ ئەوەی تەمەنت دیاری بکرێت. زانیاریی زۆرتر لەبارەی دیاریکردنی تەمەن لەڕێگەی پشکنینی پزیشکی لە نامیلکەی تایبەت بەم بابەتە دا هەیە.
- ئەگەر تۆ منداڵێکی تەنیانی ژێرتەمەن بێت، واتە تەمەنت کەمتر لە 14 ساڵ بێت، بەرپرسان ناچار نین دەست بکەن بە گەڕان بۆ خێزانەکەت. دەتوانیت داواکاریەک بۆ گەڕان بۆ خێزانەکەت پێشکەش بکەیت. بەپرسان لە پرۆسەی گەڕان بۆ خێزان دا یارمەتیت دەدەن. زانیاریی زۆرتر لەبارەی گەڕان بۆ خێزانی منداڵانی ژێرتەمەن لە نامیلکەی تایبەت بەم بابەتە دا هەیە.
- ئەگەر تۆ منداڵێکی تەنیا بیت، واتە تەمەنت زۆرتر لە 14 ساڵ بێت، بەرپرسان بەپرسیارن کە دەست بکەن بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی خێزانەکەت. لە پرۆسەی گەڕان بۆ خێزان دا دەبێ تۆ هاوکاری بکەیت و هەر بەڵگەیەک کە پەیوەندیی خێزانیت نیشان دەدات پێشکەش بکەیت. هەروەها بەرپرسیاریت کە دەستبەجێ هەموو دەرەنجامەکانی هەر گەڕانێک بۆ خێزانەکەت بدەیت بە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران. زانیاریی زۆرتر لەبارەی گەڕان بۆ خێزانی منداڵان لە نامیلکەی تایبەت بەم بابەتە دا هەیە.
- ئەگەر لە ناوەندی پەیوەندی ناوی تۆ **وەک بێخانوو تۆمار کرابێت** ئۆتۆماتیک تۆ **بەرپرسیاریت کە ڕاپۆرت بدەیت**. پێویستە هەر 14 ڕۆژ جارێک لە نزیکترین <u>وێستگەی پۆلیس</u> لە ناوەندی پەیوەندی، ڕاپۆرت بدەیت. ئەم ئەرکی ڕاپۆرتدانە لە یەکەمین ڕۆژی کاری دوای ڕۆژی تۆمارکردنی ناوت وەکوو بێخانوو دەست پێ دەکات. هەتا کاتێک کە تۆ لە قۆناخی پەسەندکردن دا یت، ئەم مەرجە بۆ تۆ بە کار ناهێنرێت.

**ئەگەر تۆ وەکوو پەنابەرێک ئەرکی خۆت بۆ هاوکاریکردن بەجێ نەهێنیت وپێشێلکاری بکەیت، ڕەنگە ئەمە کاریگەریی خراپ لەسەر هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت و ئاستی جێباوەڕبوونت دابنێت!**

تکایە ئەرکی هاوکاریکردن و ڕاپۆرتدان بەباشی بەجێ بهێنە. ئەگەر ئەم ئەرکانە بەجێ نەهێنیت، ڕەنگە فەرمانگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران تۆ لە ناوەندی دەستبەسەرکردن بۆ دیپۆرتکردن ڕابگرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە ئەو جۆرەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت هەتا ئەو کاتەی کە فەرمانێک دەردەکرێت و کۆتایی بە مافی نیشتەجێبوونی تۆ دەهێنێت یان تۆ دەردەکات. هەروەها بەجێنەهێنانی ئەرکەکانت هەندێ پاشهاتی خراپی دیکەی بۆ تۆ دەبێت وەکوو ڕاگرتن یان سنووردارکردنی ئەو بێنەفیتانە کە لە چوارچێوەی چاودێری و خزمەتی سەرەتایی دا دابین دەکرێن، یان زیانگەیاندن بە پرۆسەی پەنابەریت.

## 2. پرۆسەی پەنابەری:

### a) پێشمەرجەکانی پێدانی مافی پەنابەری لە ئاوستریا:

تۆ داوایەکی پەنابەریت پێشکەش کردووە. کەیسی پەنابەریت **پەسەند کراوە**. تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی جێباوەڕ نیشان بدەیت کە بەڵگە و هۆکاری گونجاوت کە بترسیت لەوەی کە لە وڵاتی خۆت ئازار و ئەشکەنجە بدرێت، لەبەر نژاد، ئایین، نەتەوە، باوەڕی سیاسی یان ئەندامێتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت دا. تۆ ناتوانیت پشت ببەستیت بە ناوەندەکانی پاراستن لە وڵاتی خۆت یان دەترسیت کە وەها بکەیت.

### b) دیمانە:

- دوای ئەوەی کەیسەکەت پەسەند کرا (بەو شێوەی کە پێشتر لە نامیلکەی زانیاریی سەرەتایی دا ڕوون کرایەوە)، یەکێک لە کارمەندانی نووسینگەی فیدراڵی کاروباری بیانیەکان و پەنابەران لەگەڵت دیمانە دەکات. ئەم کەسە لە بارودۆخی وڵاتی تۆ ئاگادارە و لەبارەی داوای پەنابەریت بڕیار دەدات.
- لە ماوەی ئەم دیمانەیە دا دەبێت بۆ داوای پەنابەریت بەڵگە و پاساو پێشکەش بکەیت. تکایە ڕوونی بکەوە کە بۆچی دەترسیت ئازار و ئەشکەنجە بدرێیت. هەروەها ئەو هۆکار و بارودۆخانەی کە ڕێگرن لە گەڕانەوەت بۆ وڵاتی خۆت ڕوون بکەوە.
- هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەبارەی ڕێگەی هەڵهاتنت و هۆکاری هەڵهاتنت دەیدەیت بە بەرپرسان وەکوو نهێنی دەپارێزرێن و نادرێن بە بەرپرسانی وڵاتەکەت.
- زۆر گرنگە کە زانیاریی **تەواو**، ورد و هەمەلایەن بدەیت لەبارەی بەسەرهاتت (چارەنووست) و ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووت دەبنەوە. بەڵام لە بیرت نەچێت هەمیشە ڕاست بڵێ!
هەر شتێکی درۆ لە وتەکانت دا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە جێباوەڕبوونت. ئەگەر شتێکی ناڕوون لە وتەکانت دا هەبێت، پرسیاری زۆرترت لێ دەکرێت.

- دیمانە گرنگترین بەشی پرۆسەی پەنابەریی تۆ یە. دیمانە بنەما و ئەساسی بریاری بەرپرسانە لەسەر ئەوەی کە مافی پەنابەری بە تۆ بدرێت یان نە.
- هەروەها دەکرێت کەسێک کە تۆ متمانەت پێی هەیە، پارێزەر وە/یا نوێنەر، یان ڕاوێژکاری یاسایی تۆ، لە کاتی دیمانە دا ئامادە بێت.
- **ئەگەر تەمەنت کەمتر لە 18 ساڵ بێت،** دەبێ **نوێنەری یاساییت (باوک یان دایک، ڕاوێژکاری یاسایی یان** نووسینگەی خۆشگوزەرانیی گەنجانی **پەیوەندیدار)** لە کاتی دیمانە ئامادە بێت.
- ئەگەر هۆکاری ترسی تۆ لە ئازار و ئەشکەنجە، دەستێوەردان لە بریاری تۆ لەبارەی مەیل و خواستی سێکسیت بێت، مافی ئەوەت هەیە کە کەسێکی هاوڕەگەزی خۆت لەگەڵت دیمانە بکات. ئەگەر لەبەر هۆکارەکانی هەڵهاتنت، دەتەوێت کەسێکی هاوڕەگەزت لەگەڵت دیمانە بکات، تکایە زوو پێمان بڵێ.

## c) وەرگێڕی زارەکی:

بەرپرسان وەرگێڕێکی زارەکی بەخۆڕایی بۆ تۆ دابین دەکەن بۆ ئەوەی بتوانیت بێ کێشەی زمان هۆکارەکانی هەڵهاتنت ڕوون بکەیتەوە. ئەگەر لەبەر هۆکارەکانی هەڵهاتنت، دەتەوێت کەسێکی هاوڕەگەزت وەرگێڕت بێت، تکایە زوو پێمان بڵێ. تا ڕادەیەک کە مومکین و گونجاو بێت، بەرپرسان هەوڵ دەدەن کە وەرگێڕێکی هاوڕەگەز بۆ تۆ دابین بکەن. ئەرکی ئەم وەرگێڕە تەنیا ئەوە یە کە بە ڕاست و دروستترین شێوەی مومکین وتەکانی تۆ تەرجومە بکاتەوە. ئەو **تەنیا نێوبژیوانی زمانیە لەنێوان تۆ و دەسەڵاتداران** و، وەکوو ئەو کارمەندانەی کە بۆ دەسەڵاتداران کار دەکەن، بەرپرسیارن کە هەموو جۆرە نهێنیەک سەبارەت بە وتەکانی تۆ بپارێزن.
ئەگەر تێگەیشتن لە وەرگێڕی زارەکی بۆ تۆ زەحمەتە، یان دەترسیت لە بەرچاوی ئەو دا ئازادانە قسە بکەیت، تکایە **دەستبەجێ** بە کارمەندانی ئێمە بڵێ.

تکایە ئەوەت لە بیر بێت کە وەرگێڕێ زارەکی ناتوانێت و نابێت هیچ جۆرە زانیاریەکی یاسایی سەبارەت بە پرۆسەی پەنابەریت بە تۆ بدات.

## d) تۆمارە نووسراوەکان:

لە ماوەی دیمانە دا وتەکانت تۆمار دەکرێن، واتە دەنووسرێن. لە کۆتایی دیمانە دا، وەرگێڕی زارەکی ئەم تۆمارە تەرجومە دەکاتەوە بۆت، کە لە بەرژەوەندیی تۆ دا یە. ئەمە ڕێگەت پێ دەدات کە هەموو جۆرە ڕاستکردنەوە یان پێزیادکردن لە وتەکانت دا ئەنجام بدەیت. ئەگەر وتەکانت بە دروستی و تەواوی تۆمار کراون، بە واژۆکردنی تۆمارەکە تەئیدی بکە. لە کۆتایی دیمانە دا دەتوانیت داوای کۆپیەکی ئەم تۆمارە بکەیت.

## e) بریاردان:

بریاری بەرپرسان لەبارەی دەرەنجامی پرۆسەی پەنابەریی تۆ بە نووسراوی دەردەکرێت. گرنگترین بەشەکانی ئەم بریارە تەرجومە دەکرێتەوە بە زمانێک کە تۆ دەتوانیت لێی تێبگەیت.

ڕەنگە بەرپرسان خۆیان یان لەڕێگەی پۆستەوە یان لەڕێگەی پۆلیسەوە ئەم بریارە بگەیەنن بە دەستی تۆ. لەبەر ئەمە، دیسانەوە دەڵێین، زۆر گرنگە لە بیر نەچێت کە دەستبەجێ بەرپرسان لە هەرجۆرە گۆڕانی ناونیشانت ئاگادار بکەوە.

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داواکاری بدەیت بە دادگای کارگێڕیی فیدراڵ بۆ ئەوەی پێداچوونەوە لەسەر بریاری نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران بکات. ئەم داوای پێداچوونەوە دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراو دا پێشکەش بکرێت و تەنها دەبێت لە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران پێشکەش بکرێت. لەبەر ئەمە بەوردی ئەو ڕێنماییانەی تایبەت بە پرۆسەی داوای پێداچوونەوە بخوێنەوە کە لەنێو بریاری کەیسەکەت دا نووسراوە (ئەم ڕێنماییانە پێت دەڵێن کە دەتوانیت چ کارێک دژی بریارەکە بکەیت و لە چ ماوەیەک دا دەبێت ئەم کارە بکەیت).

## f) پێشکەشکردنی بەڵگەکان

- ئەگەر لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی دا یت یان سپێردراویت بە ناوەندێکی خۆشگوزرانی، بەڵگەکانت لەوێ پێشکەش دەکرێن.
ئەگەر تۆ نوێنەرێکی یاسایی (پارێزەرێک) یان کەسێکت ڕاسپاردبێت کە ئیجازەی وەرگرتنی نامەکانی تۆی هەبێت، کاخەز و بەڵگەکانی بەرپرسان دەدر ێتە دەستی ئەو. لە ماوەی پرۆسەی پەسەندکردن دا، نامە و پەیامەکانی بانگهێشتکردن تەنها دەدرێن بە خۆت.
- ئەگەر تەمەنت ژێر 18 ساڵ بێت و باوکت یان دایکت لەگەڵت نەبێت، نامەکانی بەرپرسان بۆ تۆ دەدرێتە دەستی نوێنەری یاسایی (ڕاوێژکاری یاسایی لە پرۆسەی پەسەندکردن دا یان نووسینگەی خۆشگوزەرانیی تۆ). لەبەر ئەمە لە ماوەی پرۆسەی کەیسەکەت دا

دەبێت بەردەوام لەگەڵ نووسینگەی خۆشگوزەرانیت لەو ناوچەی کە لێی دەژیت لە پەیوەندی دا بیت و بەردەوام ئەوان لە سەروشوێنی خۆت ئاگادار بکەیتەوە.

- ئەگەر پێش بێت کە تۆ لەو ناونیشانە نەبیت کە داوتە بە ئێمە، ئەو بەڵگەی کە بڕیار بووە بۆ تۆ بنێردرێت لەلایە گەیەنەر (ئاساییانە، نووسینگەی پۆست) دەمێنێتەوە و دەتوانیت دواتر بچیت لەوێ وەریبگریت. تکایە ئەوەت لە بیر بێت کە دانانی بەڵگە و نامەکان لای گەیەنەر وەکوو ئەوەی گەیەنرابێت بە دەستی تۆ هەژمار دەکرێت و هەموو نامە و پەیامە گرنگەکانی داهاتوو لەسەر ئەم بنەمایە دەنێردرێن بۆ تۆ.
- ئەگەر بێ هیچ هۆکارێکی یاسایی، ئامادە نەبیت بەڵگەیەک یان نامەیەک وەربگریت، ئێمە لە ناونیشانی پەیوەندیدار دایدەنێین. تکایە ئەوەت لە بیر بێت کە لەم حاڵەتە دا ئێمە وای دادەنێین کە بەڵگەکە بە دەستی تۆ گەیشتووە و هەموو نامە و پەیامە گرنگەکانی داهاتوو لەسەر ئەم بنەمایە دەنێردرێن بۆ تۆ.
- ئەگەر ناونیشانی پۆستیی ئێستات نەدابێت بە بەرپرسان و بەرپرسان نەتوانن بە ئاسانی ناونیشانی نوێت بدۆزنەوە، هەر بڕیارێک سەبارەت بە پرۆسەی پەنابەریت بدرێت ڕەنگە نامەکەی لای بەرپرسان دابنرێت. دانانی ئەم نامە لای بەرپرسان وەک ئەوە یە کە درابێت بە خودی تۆ و هەموو نامە و پەیامە گرنگەکانی داهاتوو لەسەر ئەم بنەمایە دەنێردرێن بۆ تۆ. لەبەر ئەمە، هەمیشە بەرپرسان لە هەرجۆرە گۆڕانێکی ناونیشانت ئاگادار بکەوە.
- ئەگەر بۆ نموونە لە ئێستا دا شوێنێکی نیشتەجێبوونی درێژماوەت نیە، دەتوانیت کەسێکی ڕێپێدراو ڕاسپێریت کە بەڵگەکانت وەربگرێت (بۆ نموونە، ئاشنایەک کە لە ئاوستریا دەژی، ڕێکخراوە خێرخوازیەکان، و هتد). تکایە دەستبەجێ ناونیشانی ئەو لایەنە بدە بە بەرپرسان. دوای ئەوە هەموو ئەو بەڵگانەی کە پەیوەندییان بە کەیسەکەتەوە هەبێت دەدرێن بە ئەو ناونیشانە.
- لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا، تۆ ناتوانیت ناونیشانی ناوەندی پەیوەندیی بێخانووان وەکوو شوێنێک بۆ گەیاندنی بەڵگە و نامەکانت بدەیت بە بەرپرسان (ناوەندی پەیوەندیی بێخانووان ناوەندێکە لەو ناوچەیە کە تۆ لێی دەژیت و زۆربەی کات کەسانی بێخانوو سەردانی دەکەن). ئەمە یانێ لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا هیچ بەڵگە و نامەیەک نانێردرێت بۆ ئەو ناوەندە.

## g) پرۆسەی داواکاریی دووبارە

ئەگەر داواکاریی دووبارەت پێشکەش کردبێت (واتە داواکاریەکی تر دوای ئەوەی کە بڕیارێکی یاسایی ڕەوا لەسەر داواکاریەکەت دراوە)، هەندێ مەرجی یاسایی تایبەت بۆ کەیسەکەت بە کار دەهێنرێت. نامیلکەیەکی تایبەت بە ئەمە هەیە کە هەموو وردەکاریەکی تێدا یە.

## h) پاشگەزبوونەوە لە داوای پەنابەری:

**لە بنەمادا، تۆ ناتوانیت** لە داوای پەنابەریت پاشگەز ببیتەوە.

بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێت کۆتایی بە پرۆسەی پەنابەریت بهێنیت، دەتوانی بە نووسراوی بەرپرسان ئاگادار بکەیتەوە یان پەیوەندی بکەیت بە ناوەندی ئامۆژگاری بۆ گەڕانەوە یان ڕاوێژکارێکی یاسایی.

ئەگەر دوای ئەوەی کە داوای پێداچوونەوەت کردووە دژی بڕیارێکی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران، بتەوێت لە داوای پەنابەریت پاشگەز ببیتەوە، وای بە پاشگەزبوونەوە لە داوای پێداچوونەوە هەژمار دەکرێت. دوای ئەمە، ئیتر ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگە یاساییەکانەوە دژی بڕیاری ئەسڵیی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران بوەستیتەوە.

## i) ئەگەری دەرچوونی فەرمان بۆ دەستگیرکردنت

لەم حاڵەتانەی خوارەوە دا، ڕەنگە بەرپرسان فەرمانی دەستگیرکردنت دەربکەن:

- ئەگەر خۆت لە هەنگاوەکانی پرۆسەی پەنابەریت بدزیتەوە؛ یانێ، ئەگەر بەرپرسان لە سەروشوێنی تۆ بێخەبەر بن.
- لە ڕۆژ و کاتی دیاریکراو لەلایەن بەرپرسانەوە بۆ وادەیەکی چاوپێکەوتن ئامادە نەبیت سەرەڕای ئەوەی کە داوات لێ کراوە بەوەخت ئامادە بیت.

کاتێک تۆ دەستبەسەر دەکرێت، بەرپرسانی ئاسایش دەتهێنن بۆ لای دەسەڵاتداان.

## j) پرۆسەی پەنابەریی خێزانی:

وەکوو ئەندامی خێزانی کەسێکی بیانی کە پێشتر مافی پەنابەری یان دۆخی پاراستنی لاوەکی پێ دراوە، تۆیش هەمان ئاست لە پاراستنت پێ دەدرێت ئەگەر ئەم پێشمەرجانەی خوارەوەت هەبێت:

- ئەو ئەندامەی خێزانت نابێ بووبێتە کەسێکی تاوانکار
- هیچ ڕێگەیەکی تر نەبێت بۆ درێژەدان بە ژیانی خانەوادەیی ئێستات لەگەڵ ئەو ئەندامەی خێزانت
- هیچ هەنگاوێکی یاسایی بۆ ڕەتکردنەوەی داوای پەنابەری یان ڕەتکردنەوەی پاراستنی لاوەکی دژی ئەو ئەندامەی خێزانت

له ئارا دا نەبێت
- تۆ نابێت هاووڵاتیی وڵاتێکی ناوچەی ئابووریی ئەورووپا (EEA) یان هاووڵاتیی سویس بیت
- ئەو ئەندامەی خێزانت کە تۆ پشت بە داواکاریەکەی دەبەستیت نابێت خۆی لەرێگەی پرۆسەی پەنابەریی خێزانیەوە مافی پەنابەری وە/یا دۆخی پاراستنی لاوەکی پێ بەخشرابێت؛ هەڵبەت ئەگەر ئەو ئەندامەی خێزانت منداڵێکی زیواجنەکردوو بێت، ئەم مەرجە بۆ ئەو بە کار ناهێنرێت.

ئەندامانی خێزان بۆ نموونە بریتین لە: هاوسەر، باوک یا دایکی کەسێکی منداڵ، و منداڵی زیواجنەکردوو. دوو کەس کە هاوسەری یەکترن بۆ نموونە دەبێت لە وڵاتی خۆیان وەکوو ئەندامانی یەک خانەوادە پێکەوە ژیابێتن.

### k) کارتی مافی نیشتەجێبوون:

ئەگەر کەیسی پەنابەریت پەسەند بکرێت کارتێکی مافی نیشتەجێبوونت بۆ دەردەکرێت. لەگەڵ دەرچووانی دواین بریار لەسەر کەیسەکەت یان کۆتاییهاتنی پرۆسەی پەنابەریت، بایەخی ئەم کارتەیش کۆتایی دێت. لەو قۆناخە دا دەبێت کارتەکە بدەیتەوە بە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران.

### l) کارتی پاراستنی لاوەکی:

ئەگەر دەسەڵاتداران سەلماندبێتیان کە تۆ مافی پەنابەریت نیە، بەڵام لەبەر بارودۆخی وڵاتی خۆت ناتوانن دیپۆرتت بکەن یان دەرت بکەن (لەبەر مەترسیی پێشێلبوونی مافی ژیان، قەدەخەی لەسێدارەدان، ئەشکەنجە یان ڕەفتاری نامرۆڤانە و سووکایەتیئامێز)، ئەوا مۆڵەتی نیشتەجێبوونی کاتی بە تۆ دەدرێت. دوای ئەوە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران کارتێکی پاراستنی لاوەکی بۆ تۆ دەردەکات.
ئەم کارتە بەڵگەی ناسنامە و یاساییبوونی نیشتەجێبوونی تۆ لە ئاوستریا یە. مافی نیشتەجێبوون بایەخدار دەبێت هەتا کاتێک کە بریاری کۆتایی لەسەر درێژکردنەوەی دەدرێت بە مەرجێک بەرلە بەسەرچوونی مافی نیشتەجێبوون داواکاری بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کرابێت.
ئەگەر ئەو هۆکارە ئەسڵیانە کە ڕێگر بوون لە دەرکردن یان دیپۆرتکردنی تۆ بۆ وڵاتی خۆت ئیتر نەمابێتن، ڕەنگە مافی نیشتەجێبوونی کاتی لە تۆ بسێندرێتەوە و کارتی پاراستنی لاوەکیت بەتاڵ بکرێتەوە.
ئەم بریارە بە نووسراوی ڕادەگەیەنرێت. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داواکاری بدەیت بە دادگای کارگێریی فیدراڵ بۆ ئەوەی پێداچوونەوە لەسەر بریاری نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران بکات. دوای ئەوەی کە دەسەڵاتداران بریاری کۆتایی و یەکلایی دەدەن، دەبێت کارتی نیشتەجێبوونت ڕادەستی بەرپرسان بکەیتەوە.

### m) ڕاوێژکاری:

لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا ڕاوێژکاری یاسایی سەربەخۆ بەخۆڕایی بۆ تۆ دابین دەکرێت. ڕێکخراوەکانی یارمەتی یان خێرخوازی لە ناوچەکە (Caritas، Evangelisches Hilfswerk، Diözese، و ئەوانی تر) دەتوانن لە پرۆسەی پەنابەری دا بەخۆڕایی یارمەتیت بدەن و لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا نوێنەرایەتیت بکەن.
بێگومان تۆ دەتوانیت نوێنەری یاسایی (پارێزەر)ی خۆت بە کار بهێنیت و لەم حاڵەتە دا خۆی پارەی ئەو دەدەیت.

## 3. بەشەکان:

**پێویستە بزانیت کە ئەنجامدانی هەندێ شت وەکوو ئەمانەی خوارەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی ببیتەوە:**

- ئەگەر لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا لەبارەی ناسنامە و بنەچەی خۆت زانیاریی درۆ بدەیت بە بەرپرسان، لە حالێک دا کە بزانیت ئەو زانیاریانە درۆن، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبیتەوە.
- ئەگەر لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا ئەرکی خۆت بۆ ڕاپۆرتدان پێشێل بکەیت، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبیتەوە.
- ئەگەر لە ماوەی پرۆسەی پەسەندکردنی کەیسەکەت دا هەر سنوورێکی قەلەمڕەوی و جوگرافیایی کە بۆ تۆ دانراوە ببەزێنیت، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبیتەوە.